www.kurdistannet.org
26-2-2007 21:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پەنجە مۆر . . شالاو علی



جوانترین کێسم دانابوو
هەڵمژشت و . . .
خوێندمەوە لە بەرامبەری
دڵنیا بووم. . .
گەر بۆ ساتێکی کورتیش بێ
لە نێو دڵی ناسکیدا
ئیقامەکەم وەربگرم و
ئەم کارەم بۆ بچتە سەری
ووتم یەکەم وولات بۆ من
تەنها دڵ و هەستی تۆیە
لە هیچ لاوە من نەهاتووم
هیچ چاوی ترم نەدیوە
تەنها وولات. . .
بۆ منی وێڵ و ئاوارە
چرای رووونی چاوی تۆیە
هێندە سادەو خۆش باوەڕ بووم
وام دەزانی
چیم ووتووە
ئەو باوەڕی پێم کردووە. . .
بەلاَم ئەفسووس
پاش چەند رۆژێ. . .
بە نەخێرێک. . . هەموو شتم وەرگرتووە
ئاشکرا بوو
پەنجە مۆرم لەسەر سینگی
سەدان کچی تر دەرچووە. . .

Shallaw1@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.